# بەکاربردنی چەمکی فیلم وەک پێنوس : هەوڵێک بۆ ناساندنی مۆرکی حەقیقەت لە تۆمارکردنی ڕوداوەکانی جینۆسایدی ژنانی ئیزدی لە روداوەکانی ٢٠١٤ دا .

پ .ی . د.دڵشاد مستەفا رەحیم
کۆلێجی هونەرەجوانەکان زانکۆی سلێمانی .
dilshad.razawa@univsul.edu.iq

ڕێکەوتی وەرگرتن : ٢٠-٤-٢٠٢٤ ڕێکەوتی رەزامەندی بڵاوکردنەوە ٢٠-٥-٢٠٢٤

**پوختە:**

لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا( ئەلکسەندەر ئاسترەک) ی رەخنەگری سینەمای فەرەنسی سەرەتای چەمکێکی نوێی هێنایە نێو نێوەندی سینەمای فەرەنسی و دواتر بووە مانیفێستی شەپۆلی نوێی سینەمای فەرەنسا و لەوێشەوە وەک کۆنسێپتێک دنیای گرتەوە. چەمکی (کامێرا \پێنوس ) کەتێیدا ئەسترەک سینەمای وەک زمان ناساند هەروەک چۆن ئەدەب خاوەنی زمانی تایبەتی خۆیەتی (هەڵبەتە ئەم گریمانە دواتر ئارگیومێنتی زۆری بە دوی خۆیدا هێنا) . لەم سۆنگەیەوە، دەرهێنەر بۆ دروستکردنی فیلم مامەڵە لەگەڵ کامێرا دەکات وەک فاکتەری سەرەکی بەرهەمهێنان هەروەک چۆن نوسەر مامەڵە لەگەڵ پێنووس دەکات .

واتە کامێرا دەتوانێت گوزارشت لەهەموو ئەو شتانە بکات کە لەناوەوەی مرۆڤەکاندا پەنهانە و لەدۆخی نوسیندا پێنووس ئەو ئەرکە لە ئەستۆ دەگرێت . سینەما لەم دۆخەدا لەوە دەردەچێت کە بەتەنها هۆکاری شادی بەخش و خۆشنودی بێت و دەبێتە فاکتەری گوزارشت و رێگەیەک بۆ دەربڕینی ئەوەی کە رەنگە زمان و کەرەستەکانی تر نەتوانن بگەنە ئەو ئاستە .کەواتە بە گواستنەوەی ئەو چەمکە بۆ نێو دنیای تایبەتی کاراکتەری ژنانی ئێزدی ، ژنانی بەزەبری کەلتوور و نەریت بێدەنگکراو دەشێت بگەینە ئاکامێکی تا ڕادەیەک جیاواز لەو دۆخی پەنهانی و شاراوەیی و بێ دەنگییەی ئەو چیرۆک و رواداوانەی پێدا تێپەڕ دەبن .

گەر ئەزموونی ئەو کردەیە لەگەل ئەو کەیس و دۆخانەدا دووبارە بکەینەوە و زەمینەیەکی وا برەخسێنین کە قوربانی متمانە بەکامێرا بکات وەک نێوەندێک بۆ تۆمارکردنی ئەوەی ناتوانێت بەئاشکرا و بەوانی تری بڵێت ، رەنگە بگەینە دۆخێک کە لەلایەک ئاسودەیی بە قوربانی ببەخشێت و لەلایەکی دیشەوە تۆمارێک بۆ یادەوری پەیدا ببێت و

چیرۆکە پەنهانەکانی نێو ناخ بۆ کامێرا بگێڕێنەوە و تەوقی بێ دەنگییەکی سامناک بشکێ کە زەبری کۆمەڵایەتی و نەریتی دروستی کردووە .

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی کۆدی پەیوەندییەک لەنێو چەمکی کامێرا قەڵەمی ئەسترەک -بەزان و دۆخی ژنانی ئێزیدی لە متمانە کردن و مامەڵەکردن لەگەڵ کامێرا وەک قەڵەمێک بۆ تۆمارکردنەوەی یادەوەرییەکی زامدار و تەمگرتوو . هەنگاوێکە بۆ بانگهێشتکردنی تێرمی جیاواز و کۆنسێپتی جیاواز بۆ نێو کایەی دۆزینەوەی فۆرمی سینەمایی بۆ ئەو کارەسات و نەهامەتیانەی بەسەر کورددا هاتوون ، لەم هەوڵەدا دۆخی ژنانی ئێزدی بە ئامانج دەگیرێت تا لەوێوە کەرەستەیەک بدەینە دەست قوربانی خودی خۆی ئەو ئەزموونانە تۆماربکات کە رەنگە هێند پەنهان بن ،نەتوانێت یان نەوێرێت لەتەنهاییەکانیشیدا باسیان بکات .

کلیلە وشە : زمانی سینەما ، جینۆساید ، بێدەنگ و بێدەنگکراو ، یادەوەری قوربانی.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

دوای هێرشەکانی داعش بۆ سەر زێدی ئێزیدییەکان ، ڕەفتارە نامرۆڤانەکانیان ناخێکی زامداری لەنێو ئەو گروپە ئاینییەدا بەرهەمهێنا ، ناخێک کە بەچەند شێوەیەک برینی تێدا چێ بووە . ژنانی ئێزدی گەورەترین قوربانی ئەو دۆخەن، لەلایەک دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر و وەک کۆیلەی سێکسی مامەڵەیان لەگەڵ کراوە و لەلایەکی تر ، باوک و براو هاوسەر و منداڵەکانیان بەدڕندانەترین شێوە لەناوبراون . ئەم دۆخە یان لەنێو گێڕانەوەیەکی سادەی زارەکیدا ماوەتەوە ، یان گەر خرابێتە چوارچێوەی ئەدەب ، میدیا و وێنەی جیاواز ، هێشتا بەشێک لەپەنهانی ماوە کە رەنگە قوربانی نەتوانێت یان نەیەوێت بۆ کەسی تری بگێڕێتەوە . ئەو دۆخە وادەکات وردەکارییەکانی ئەم تاوانە بشاررێنەوە و لە ئایندەشدا بەردەست نەبن . بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات نێوەندێکی تر و میتۆدێکی تر بخاتە بەردەست قوربانی کە تێدا خۆی وردەکارییەکان تۆمار دەکات و بەشێوەیەک لەشێوەکان گوزارشتی لێ دەکات ، کە ئەگەری تۆمارکردنی وردەکارییەکان فرەتر دەکات .

**ژینگەی توێژینەوەکە :**

نێو کۆمەڵی ئێزدی و بەتایبەت ژنانی قوربانی دەستی هێرشەکانی داعش .

**سنوری توێژینەوەکە:**

لەنێوان ساڵی ٢٠١٤-٢٠١٨

**گرنگی توێژینەوەکە :**

بە نهێنی مانەوەی وردەکارییەکانی ئەو تاوانە ، جێکەوتەی لەسەر تاوانباران کەمتر دەکاتەوە ، هێزی وێنە ، لەم سەردەمەدا کە بەسەردەمی هەژموونی وێنە دەناسرێت، ئەگەری ئەوەی هەیە هێندەی تر قورسایی چیرۆکی تاوانکاری بباتە سەرەوە . گێڕانەوەی تاوان لەلایەن خودی قوربانییەوە بەکەرەسەیەک کە وەرگری دەرەوەی خۆرهەڵات بەسانایی بخاتە سەرکەڵکەڵەی بیرکردنەوە ، گرنگییەکەی زۆری هەیە لە بەجینۆساید ناساندنی ئەو تاوانە . بەواتایەکی تر هەژموون و هێزی وێنە کۆمەکی ئێزیدییەکان دەکات لەوەی تەواوی دنیا دان بەو تاوانەدا بنێت و بەشدارانی وەک

تاوانباری کۆمەڵکوژی و جینۆساید تەماشابکرێن. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوێدا جێگیر دەبێت کە هەوڵی بەگەڕخستنی کەرەستەی تر و میکانیزمی جیاواز دەهێنێتە ئاراوە کە بەبەشداری ڕاستەوخۆی قوربانی حەقیقەت بەرجەستە بکات

**چوارچێوەی تیۆری**

١. قوربانی و وێنەکانی :

مێژووی مرۆڤایەتی بەگشتی مێژوویەکی خوێناوییە ، مێژووی ئەو هەموو تاوان و شەڕ و جەنگانەیە کە لەسەرەتای بوونەوە تا ئەمڕۆ درێژەی هەیە . بەرژەوەندییەکان ، خەونی لەڕادەبەدەری دەسەڵات و هەڵپەکانی بوون بە سەردار و سەروەری گەورەتر لەوانی تر ئەم بوونەوەرە تاڕادەیەک نادیار و ئاڵۆزە لە زۆر دۆخدا دەگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی دڕندە توندوتیژ. زەبرو زەنگ و توندو تیژی بۆتە شوناسێکی دیار بۆ سەردەمەنوێیەکانی ژیانی مرۆڤ و(لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگاردا، توندوتیژی مرۆیی بە سەر چوارچێوەی پەرەسەندوی کۆمەڵایەتیدا فراوانتر و زاڵتربووە)(هراری ،١٠٥:٢٠١٨). بەو مانایەی لەگەشەسەندنە زۆر و زەوەندەکانی ژیاندا توندوتیژی و زەبرو زەنگ بوونە دیاردەیەکی دیاری ئەم ڕۆژگارە و مرۆڤەکان بە جۆرێک لەو دیاردانەوە ئالاون کە بۆتە بەشێک لە پراکتیزەی ژیانی ڕۆژانەیان .

لەسەرەتای سەرهەڵدانی بیرکردنەوەوە، مرۆڤ بۆتە ئەو بوونەوەرەی بیریارانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە و ئەوان بەشوێن دۆزینەوەی شوناس و ناسینی وردەکارییەکانی ناوەوەیدا دەگەڕێن ، پرسیارگەلێک لە سەدەکانی پێش زاینەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و تا ئەمڕۆ ، ژمارەیەک لە بیرمەندانی سەرقاڵ کردووە . ئەو بوونەوەرە کە هەمیشە وەک تاکێتی خۆی تایبەتمەندییەکانی هەڵدەگرێت و ناتوانێت کتو مت لەوانی تر بچێت بەڵام هەندێک جار دەچێتەوە ژێر ڕکێفی کۆمەڵ . لەزۆربۆنەدا وا تەماشاکراوەکە (تاکێتی لە مرۆڤدا جەوهەرییە ، بەتەنها لایەنێکی دیاریکراوی جەستە نییە ، بەڵکو دەچێتە ناو هەموو بوونمانەوە ، وا لە خود دەکات وەک ڕوداوێکی کەم وێنە لە مێژووی دنیادا دەربکەوێت) (كاريل،١٩٨٠ : ٢٧١) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دۆخەکانی ناچاری پاڵ بەو مرۆڤەوە دەنێت دەستبەرداری تاکێتی خۆی ببێت و خۆی تێکەڵاوی ئەو گروپە بکاتەوە کە بەشێکە لەوان . مێژوو و کەلتوور و ئاین ئەو بنەما تۆکمانەن کە تاکەکان دەبەنەوە نێو دنیایەک تاڕادەیەک ویستە تایبەتییەکانی خۆیان تێدا ون دەکەن و دەبنەوە بەشێک لەڕایەکی کۆمەڵی و هیچ جۆرە تاکێتییەک پیادەناکەن.

ئەم ئارگومێنتە دەربارەی تاکێتی ، دەمانباتە نێو گفتوگۆیەکی چڕتر لەسەر ئەو سیمایەی قوربانی دەخوازێت پێی بناسرێتەوە ، گەر بێت و لەوێنەی قوربانییەکانی توندوتیژی بڕوانین دەبینین بەشێکی زۆریان سیفاتی قوربانی گشتگیر وەردەگرن ، هەمیشە قوربانی پێویستی بەوی ترە تا لەگەڵیا بێت و بازنەی قوربانی بوون فراوانتر ببێت . کەمجار سەرقاڵی ئەوەدەبێت لەناو تاکێتیدا وێنەیەک بۆخۆی چێ بکات ، بەتایبەتی لەخۆرهەڵاتدا ، چونکە ئەو دەزانێت تاکێتی لەو جۆرە کۆمەڵانەدا سەختە و بەبێ بوونی پشتیوانی ئەوانی تر دەنگی قوربانی نەوی دەبێت و ناتوانێت گوزارشتێکی دروست و جێی باوەڕ لەخۆی بکات . زۆر جار کێشەی قوربانی کێشەی جەلادەکەی بەرامبەرێتی ، ئەو هەمیشە لەڕێی جەلادەکەیەوە وێنا دەکرێت ، گەر جەلادەکە وێنەیەکی دیاری هەبێت و خۆی لەپشتی دەمامکی جۆراوجۆرەوە نەشاردبووەوە ئەوا ساناترە بۆی کە خۆی نمایش بکات و هاواری ئەوە بۆ دنیابکات کەسەیری وێنەی زامە قوڵەکەی



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بکەن. بەڵام، لەدۆخی خۆشاردنەوەی جەللاددا ، یان بوونی جەللادی نادیاردا ، کەمێک سەختی دێتە رێی قوربانی تا خۆی بەیان بکات و بتوانێت بەئاشکرا وێنەکانی خۆی و زامەکانی نمایش بکات.

لە دۆخی ئێزیدییەکاندا سەرەتا سەخت بوو زام بتوانێت خۆی بەئاشکرا بدوێت ، تا دەرکەوتنی نادیا موراد و بوونی بە سمبولێکی دیاری قوربانی ئەو پێشوازییە سیاسی و میدیایی و سۆزدارییەی لەو کرا ، ئاهێک بوو بەبەری قوربانییەکانی تردا کرا، دەرفەتی هەناسەیەکی هێمن بوو بۆ ئەوان ڕەخسا کە چیدی حکایەتەکانیان وەک جۆرێک لەوەهم و خورافە تەماشاناکرێت . خودی جەللاد (داعش ) ئەوەندە بە ئاشکرا وێنەکانی خۆی و ڕەفتارەکانی بەدنیا ناساند ، ئیدی قوربانییەکان پێویستیان بە ماندووبوونی زۆر نەبوو، تا ئەوانی تر، نێوەندی بێلایەنی دی بەوە قایل بکەن کە گوێ لەحکایەتی نەهامەتییەکانیان بگرێت . لەم دۆخەدا قوربانی سانا وێنەکانی دەکێشێ ، بەڵام هێشتا هەندێک وردەکاری هەن کەبۆخۆی هەڵدەگرێت ، وردەکارییەک کە گەلێک زەحمەتە بخرێنە بەردەم ئەوانی تر .

دۆزینەوەی دەربازێک بۆ قوربانی تا وێنەو نیگاری خۆی و جەللادەکەی لێوە بکێشێت و پیشانی دنیای بدات هێند سانا نییە، لەگەڵ ئەوەی میدیا لەم رۆژگارەدا و بەتایبەتیش میدیای نوێ وەک ئامرازێکی ئامادە و بەردەست دەردەکەوێت، بەڵام هێشتا گرنتی ئەوەی نییە ئەو وێنەیە بە چ ئاقارێکدا دەڕوات و کام جۆرە لە وەرگر بۆخۆی کەمەند کێش دەکات. بەتایبەتی لەرۆژگارێکدا کە مامەڵەکردن لەگەڵ وێنەی راستەقینە گرانە و تەکنەلۆجیا بەجۆرێک چۆتە نێو دنیای مرۆڤەکانەوە کە ڕاستی و ناسینەوەی ئاستەم تر کردووە .

جان بۆدریار لەم دۆخەدا بە هێز و روانینێکی جیاوازەوە دەردەکەوێت . ئەو وا دەبینێت کە گەر شارستانییەتی خۆرئاوا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا شوێنگەیەکی بڵندی بە وێنە بەخشیبێت و وەک نێوەندێکی گرنگی مەعریفە مەمەڵەی لەگەڵ کردبێت ، ئەوا لە ئێستادا و بەهۆی ئەو پێگەیەیەوە کە وێنە داگیریکردوە ، واقیع بەجۆرێک لە جۆرەکان لە پشت ئەو وێنەیەوە حەشاردراوە ، و هێز و هەژموونی ئەو وێنەیە زیادیکردووە کە وەک لاسایی کەرەوەی واقیع لێی دەڕوانرێت . بە جۆرێک لە جیهانێکی پڕ لە وێنەی ناڕەسەندا دەژین . بەو واتایەی دەشێت وێنە درۆمان لەگەڵ بکات و شێوەی قوربانی لە نیگارە راستەقینەکەدا پیشان نەدات . بەڵام دەشێت لەسەر ئەو گریمانە قوڵتر کار بکەین کە گەر خودی قوربانی خۆی بەرهەمهێنەری وێنەکە بێت هەنگاوێکی تر لە حەقیقەت نزیک دەکەوینەوە .

٢- شوناس و توندوتیژی

دیاردەی توندوتیژی یەکێکە لە دێرینترین دیاردەکانی ژیانی سەر ئەم هەسارەیە کە لەنێو کۆمەڵە مرۆییەکاندا سەری هەڵداوە و سەرەتای دەرکەوتنی پابەندی خواستە غەریزەییەکانی مرۆڤ بووە . ئەم دیاردەیە کاریگەری نەرێنی و خراپی لەسەر کۆمەڵ و تاکەکان هەیەوە لەهەر قۆناغێکی مێژووی جیاوادا وێنەی جیاوازی بۆ خۆی چێ کردووە . فردنیاند لاکمەن وا دەبینێت کە (مێژووی مرۆڤایەتی مێژووی توندوتیژییە کە خۆی لەجەنگ و لەناوبردن ، داگیرکاری و کۆلۆنی و دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەکان بەناوی خودا یان خواوەندەکان لە ئاینە یەکتاپەرستی و فرەپەرستیەکاندا دەبینێتەوە. ئەو پێکەوە گرێدانە نەزۆکەی نێوان دیمۆکراسی و ئیمپراتۆریەت ، شۆڕش و سەربڕگە ، ئەشکەنجە و شێواندنی لاشە، توندوتیژی نێو مێژووی مرۆڤایەتی پێک دەهێنێت) (دوکر ،٢٠١٨:٢٠).

بەو شێوەیە مرۆڤایەتی چەندێک دەیەوێت ئەو وێنەیە بەرتەسک بکاتەوە سیفەتی توندوتیژی بکاتە سیفەتی کۆمەڵە کەسانێکی تایبەتمەند کە لەیاساکانی سروشت و ژیانی مرۆیی بەدەرن ، هێشتا کەسانێک هەن وا دەبینن کە ئەمە جۆرێک لە خۆخەڵەتاندن و بێبەریکردنی مرۆڤە لەو بەشە شەیتانییەی لەناویدایە ، هەمیشە مرۆڤەکان سەرقاڵی ئەوەن خۆیان لەو وێنە بەدە بدزنەوە کە مرۆڤی توندوتیژی تێدا دەردەکەوێت و دەیانەوێت ئەو سیفەتە بدەنەوە پاڵ ئاژەڵەکان و گەلێک جاریش بۆ ئەوە قۆناغەی دەگەڕێننەوە کە مرۆڤ هێشتا گەشەی هۆشیاری بەجۆرێک نەبووە بەتەواوی لەمانای تاوان تێبگات .

گەر جەنگ ترۆپکی توندوتیژییەکان بێت ئەوا تەواوڕوونە کە خوێناویترین جەنگەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا جەنگە ئاینییەکان بوون ، ئەوانەی لەنێوان دوو گروپی خاون بروای جیاواز و مەزهەبی جیاواز دا سەیهەڵداوە .ئەو جەنگانە ئاینی وەک هۆکارێک بۆ کۆکردنەوەی خەڵک و هەنجەتی پیرۆزی تێدا بەکارهاتووە . لەمێژوودا هەڵمەتەکانی گەیاندنی پەیامی ئاینی چ کریستیان یان ئیسلام بووبێت نموونەی جەنگی خوێناوین ، چونکە لەو جەنگانەدا کوشتن وەک ملکەچی بۆ ڕێوشوێنەکانی ئاین دەبێتە کردارێکی پیرۆز و دەبێتە دەربازی گەیشتن بە قۆناغێکی نوێ . جەنگەکان هەوڵێکی توندبوون بۆ سڕینەوەی ئەوانی تر ئەوێک کە هەڵگری هەمان بیروڕای هێرشبەرەکان نییە ، ئەو دەبێت بەخۆی و ئاین و کەلتوور و زمان و تەواوی پێکهاتەیەوە یان تەسلیمی ئیرادەی داگیرکەر ببێت یان لەناودەبرێت .

جیهادی ئیسلامی کە دروشمێکی سەرەکی بزوتنەوە ئیسلامییەکان بووە لەهەرشوێنێکی دنیادا سەریان هەڵدابێت، گەلێک جار وەک وێناکردنی توندوتیژی دەرکەوتوون ، ئەوان ئاینیان لەو ممارەسە خودییە دابڕیوە کە بەتەنها پەیوەندی نێوان یەزدان و مرۆڤ بێت وا دەبینن کە ئەو پیادەکردنە لاوازییەکی گەورەیە ، بۆیە لەدیدی ئەواندا جیهاد بۆ پاککردنەوەی سەرزەمین لەو کوفرە گەورانە هەنگاوێک دروستتر بەرەو نزیک بوونەوە لە خودا دەیانبات . کێشەی ئەم جۆرە لەبیرکردنەوە بەخشینی جۆرێک لە پیرۆزییە بەو توندوتیژییەی لەهەڵمەتەکانی جیهاددا پیادەدەکرێت (پیرۆزکردنی توندوتیژی لەلای گروپە ئیسلامییەکان ، وا لە جیهاد دەکات کە جگە لە پیادەکردنێکی تەکفیری و خواستێکی عەدەمی زیاتر هیچی تر نەبێت ، وا دەکات کە فیکر بگۆڕڕێت بۆ کردارێکی نهێنی کەلەسەربنەمای فاکتەری غەریزی و ڕۆشنبیری ڕابردوو دامەزرابێت ئەوەی مەبەستەکانی توندوتیژی دەکاتە ڕێکخەری هەموو جوڵەکانین ، ئەمەش وادەکات هەموو کردەیەکیان هیچ نەبێت جگە لەجۆرێک لەساختە . ) (صیام,٢٠٢٠:٢٠). بەو پێیە کردەی جیهاد جگە لەهەوڵی سڕینەوەی ئەوانی تر و جارێکی تر زیندوکردنەوەی ڕابڕدوو وێنەکانی لەسەر بنەمای سڕینەوەی ئێستا و کەلتوور و تەواوی پێکهاتەکانی شتێکی تری بەرهەم نەهێناوە . بۆیە گروپەکانی دەکەونە بەردەم ئەم جۆرە هێرشانە بە تاک و کۆ سەرقاڵی پاراستنی ئەو بنەمایانەن کە ئایندەیان دەپارێزێت . پاراستنی قەوارەکان لەهەردۆخێکی چەندێک دەکەوێتە ئەستۆی گشت ئەوەندەش لە ئەستۆی تاکدایە ، بەڵام (هیچ شوناسێکی کەسی پارێزراونابێت تا گەل ئەو کەلتوورە نەپارێزێت کە لەنەوەکانی پێشترەوە بۆی ماوەتەوە، واتە لەباوەڕ و زمان و هونەر لە ئەدەب و زۆر لە سستمە کۆمەڵایەتییەکان) ( محمود, ١٩٩٣:٣١٠).



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

کەواتە شوناس مانەوەی ئەو تایبەتمەندیانەی مرۆڤە بە درێژایی مێژوو ، هەندێک کارکرد کە دەتوانن سیما و کاراکتەر و کردارەکانی بخەنە نێو چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە ، ئەوە چوارچێوەیە بۆ دابڕینی لەوانی تر نا بەڵکو بۆ پارێزگاریکردن لە تایبەتمەندییەک کە وای لێ دەکات نەبێت بەوانی تر و لەبۆتەقەی هیچ پێکهاتەیەکی تردا نەتوێتەوە . ئەم ئەو دۆخەیە کە دوای هەڵمەتە دڕندانەکانی داعش بە ناوی جیهادی ئیسلامییەوە بۆ سەر ئێزیدییەکان کە دووجار وەک دوژمن تەماشایان دەکردن (کوردن و ئێزیدین ) هێشتا ئیزیدییەکانی هێشتۆتەوە و نایانەوێت هیچ جۆرە گۆڕانکارییەک لە تایبەتمەندی خۆیاندا بکەن و دەخوازن وەک گروپێکی ئاینی و ئەتنیکی خاوەن شوناسێکی تایبەت بمێننەوە . هاوکات لەگەڵ ئەوەدا ئارگومێنتی تریش دەربارەی شوناس لەگۆڕێدایە کە هەندێکیان وادەبینن کە یەکجۆر شوناس لەنێو کەسەکاندا دروست دەبێت کە (پێک دێت لە کۆمەڵە رەگەزێک تەنها لەوانەدا کۆنابێتەوە کە لەتۆماری فەرمیدا نوسراون ، بەدڵنیایی لای زۆرینەی خەڵک ئینتما بۆ نەریتێکی ئاینی یان رەگەزێک یان دوو رەگەز یان بۆ گروپێکی ئەتنیکی یان زمانی ، یان بۆ پیشەیەک یان دەزگا و نێوەندێکی کۆمەڵایەتی ، پێکهێنەری شوناسە) ( معلوف ،١٩٩٤: ١٤).

بەو شێوەیە لە هەردۆخێکدا گەر یەکێک لە پێکهێنەرەکانی ئەو شوناسە بکەوێتە بەردەم مەترسی ، خودی شوناس لەنێو ئەو پێکهێنەرەدا قەتیس دەبێت و لە دۆخی ئاسایی خۆی دەچێتە دەرەوە ، وەک ئەوەی بەسەر ئێزیدیەکان هات ، ئەوان لەسەر شوناسە ئاینیی و ئیتنیکییەکەیان توشی هەڵمەتی دڕندانەی داعش هاتن ، گەرنا ، شاری موسڵ عەرەبی سوونەی لێ نیشتەجێیە و لەبەر هاو شوناسیان لە ڕوی زمان و مەزهەبەوە لەگەڵ داعش ، هەڵمەتی بەکەنیزەک کردن و جینۆساید ئەوانی نەگرتەوە . کەواتە شوناسی ئاینی و ئیتنیکی هەنجەتی بەهێزی ئەو هەڵمەتە دڕندانەیەی داعشە.

لە دنیای دەرەوەی خۆرهەڵاتدا لەناوچوونی شوناس و کەلتوور وەک کارەساتی مەزنی مرۆڤایەتی تەماشا دەکرێن لەکمەن وا دەبینێت کە( کاتێک مرۆڤ جفات و کەلتوور ی خۆی بەهۆی جینۆساید و قڕکردنەوە لەدەست دەدات ، ئەوە لەدەستدانێکە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی)( دوکر،٢٠١٨: ٢٢) . هیچ کام لەم تیۆرانە تا ئێستا بەشێوەکی پراکتیک مامەڵەی لەگەڵ دۆخی ژنانی ئێزدی پێ نەکراوە تا هان بدرێن ئەوەی ماوە لە چیرۆکی قوربانی پارێزگاری لێ بکەن ، چ وەک بەشێک لە مێژووی بەرخودان یان فۆرمێکی زمانی کە تێدا کەلتوور بەتایبەتمەندییەکانیەوە ئامادەیە .

٣. بێ دەنگی و پیرۆزی :

بەشێکی گەورەی کەلتوری کۆمەڵی خۆرهەڵاتی کەلتووری بێدەنگییەکی تەواوە ، بێدەنگی وەک جۆرێک لە پیرۆزی بەبەردەوام دووبارە دەکرێتەوە . ئەو پێگەیەی بێ دەنگی هەربەتەنها لەژیانی رۆژانەدا نامێنێتەوە و دەچێتە وردەکارییەکانی نێو ئەدەب و ئاین و کەلتوورەوە .(لە ئەدەبیاتی ئاینیدا و لە کەلتورەکەیدا و هەروەها لێرە و لەوێ دەبینین کە بێ دەنگی پێگەیەکی گرنگی هەیە و پلەیەک نادرێ بەکەسێک گەر ئارامی و عەقڵ و حیکمەت و دنیا بینییەکی فراوانی پێنەبەخشرا بێت) ( مەحموود،٢٠٠٢:١٨).

بۆیە زۆرجار کاراکتەری خۆرهەڵاتی کاراکتەرێکی هێمن و بێ دەنگە تا دەگاتە ئەوە ساتەی پێویستی بەهاوارێکی گەورەیە ، هاوارێک لەو بێدەنگییەی بێنێتە دەرەوە . دامەزراوەکانی ئەو کۆمەڵە بەشێوەیەک کار لەسەر بێدەنگکردنی

تاک دەکەن کە وابزانێت بێ دەنگی جۆرێکە لە فەزیلەت ، ئەو نایەوێت بەهیچ شێوەیەک باس لەو شتانە بکات کە نابێ باس بکرێن تا پێی بکرێت ئەو ڕوداوانە دەشارێتەوە کە وا هەست دەکات باسکردنیان جۆرێک لە شورەییە . بۆیە تاکی بەردەم ئەم جۆرە گریمانە هەندێک جار گەر بیخەنە بەردەم هەڵبژاردن رەنگە مردن هەڵبژێرێت لەجێی قسەکردن لەسەر ئەوشتانەی کەلتوور و ئاین و نەریت وایان ناوبردووە کە دەبێت لەبێدەنگیدا بمێننەوە . مردن وەک بێ دەنگییەکی ئەبەدی کە ئیدی بوار بۆ هیچ جۆرە قسەکردنێک ناهێڵێتەوە (مردن بەو پێیەی بێدەنگییەکی ئەبەدی و لاڵ و کەڕە ، هاوکات ،بێ دەنگییکی تەواوە ، مەزنە و نابەزێ ، چونکە رۆچۆتە وردەکاری هەموو شوێن و شانەکانەوە)( محمود، ٢٠٠٢: ٤٧).

تاکگەرایی لەو جۆرە کۆمەڵانەدا بەبەردەوام لەهەموو وێنەکانیدا لەبەردەم مەترسیدایە ، تاک خودی خۆی وەک جەستەیەکی تەنهاش لەبەردەم هەرەشەیەکی گەورەدایە (ژێدەرە ئاینییەکانی جەستە یەکێک لەگرنگترین ڕێنوێنەکانی کردەی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن و مەرجێکی هۆکارین بۆ رێگرتن لە ئازادییەکانی ، ئەو جۆرە ژێدەرەیەوە کە جەستە لەهەموو هێزە کاریگەرەکانی دادەبرێت و دەیکاتە موڵکی کۆمەڵ و چوارچێوە ئایدۆلۆژییەکانی نەک موڵکی خاوەنەکەی)( ابلال, ٢٠١٩:٣).

ئەو جۆرە کەلتوورە داخراوە کە رێ لەجوڵە دەگرێت ، جەستەیەک کە گریمانی بوونی تاکێکە ، رێگری لێدەکرێت لەوەی قسەبکات ، گۆرانی بڵێت ، سەما بکات ، یان هەر جوڵەیەکی تر کەمانای زیندوێتی هەبێت . بۆیە هەندێک جار تەسلیم بوون بەومردنە جۆرێک لەدەربازبوونیشە لەو تەوقە کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئایدۆلۆجیانەی بەسەریدا سەپێنراوە. کێشەی سەرهەڵنەدانی تاکگەرایی ئەو وابەستەبوونەیە بە دەرنەچوون لە نەریت ، ملکەچبوون بەوەی کۆمەڵگا و دامەزراوەکانی دەیسەپێنن گەرنا (تاکگەرایی شتێک نییە یەکجار و یەک فۆرمی هەبێت، بەڵکو ئەو هەڵوێستەیە کە بەرامبەر بە شوناس و ئەنستیوت و فۆرمی ژیان وەریدەگرین کاتێک مرۆڤ هەستدەکات زنجیرە بەهایەکی دیاریکراو وەک تابۆ، وەک موقەدەس، وەک سەنتەر دەسەپێن) (عەلی ، ٢٠١٨: ٢٨). هەرکات ئەو دۆخە فەراهەم نابێت و تاک نایەوێت ئەو تەوقانە لەگەردنی بکاتەوە دەکەوێتە داوی بێدەنگییەکەوە قوڵ . قوڵییەک جۆرێک لە خواستراوی لەنێو ژینگە و کایە کۆمەڵایەتییەکی خۆیدا بۆ دەستەبەر دەکات .

لەهەندێک شوێنی تردا بیریار ئیبراهیم مەحموود داکۆکی لەجۆرێک لە بێدەنگی دەکات کە رەنگە تێگەیشتن لێی سانا نەبێت ، بێدەنگییەک کە خۆی هەیە و پێویستی بە دەرەوەی خۆی نییە یان بە دژەکانی نییە تا لێی تێبگەین ، ئەو بوونی خۆی ئەوەندە بەهێزە کە بۆ گوزارشتکردن لەخۆی پەنا بۆ هیچ کایەیەکی تر نابات و مەحموود وا دەبینێت کە لەمیانەی هێنانە گۆی بێ دەنگیەوە لەرێی کایەی ترەوە جگە لەخۆی ئێمە جۆرێکی تر لە توندوتیژی پیادەکەین . (دەربارەی ئەو توندوتیژییەی کە دەرهەق بە بێ دەنگی پیادەدەکرێت ، بەبەردەوام هەوڵدەدرێت کە لەڕێی قسەکردنەوە لێی تێبگەن و هیچ کاتێک پێچەوانەکەیمان پیادە نەکردوە ، واتە لەمیانەی بێدەنگییەوە لە قسەکردن تێ بگەین . رەنگە هەندێک کەس بێنە دەنگ و بڵێن بێ دەنگی نە زار و نە زمانی هەیە چۆن دەتوانێت گوزارشت لە خۆی بکات .) (مەحمود، ٢٠٠٢:١٩). ئاخۆ دەشێت بەبێ پەنا بردن بۆ قسەکردن بێدەنگی خۆی شتێکی تر بڵێت ؟ هەڵبەتە لەهەندێک کایەی

هونەریدا بێدەنگی هێزی خۆی هەیە ، بەڵام لێکدانەوەکانی بەهەمان شێوە پێویستی بە قسەکردنە ، ئەوەی دڵنیامان دەکاتەوە لەوەی بێ دەنگی بەهێزە و پێویستی بەوە نییە لەمیانەی قسەوە بیخوێنینەوە ئەو پەرچەکردارانەیە کە وەک جۆرێک لەگوزارشت لەنێوماندا دەردەکەوێت و هەندێک جار هێزی دەربڕینمان بە وشە نییە ، زۆر جار خۆمان دەڵێین بێدەنگی بەهێزتر و جوانترە ، وەک ئەوەی نزار قەبانی دەڵێت (بێ دەنگی لەبەردەم جوانییدا ، جوانییە) .

بەو پێیە بێدەنگی جۆرێک لە پیرۆزی تێ ئاڵاوە کە ڕەنگە شکاندنی تابۆ بێت ، بەڵام پرسیاری جەوهەری ئەوەیە بێ دەنگی بەهەمان پیرۆزییەکانی خۆیەوە دەمێنێتەوە گەر بێدەنگ بوون دەرهەق بەتاوان و ستەم بێت ، ئاخۆ لەو دۆخەدا بێدەنگ بوون بەشداریکردن نییە لەخودی تاوانەکەدا ؟ ئاخۆ بێ دەنگی ئەو پیرۆزیەی لەبەردەم دۆخی وادا لەدەست نادات ؟ لانی کەم لە نێو ئاینە ئاسمانییەکانیشدا بێدەنگی دەرهەق بە ستەم قبوڵ نییە ؟ کەواتە ئەو کپی و بێ دەنگیەی تاکی ئێزدی لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە ؟ ئاخۆ ئیدی کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ فاکتەرێکی دی بگەڕێین تا کۆمەکی ئەوانە بکات کەدەیانەوێت لەو سنورە بچنە دەرەوە ؟ ئەوانەی ئازاترن لەوەی لە سوکنایی و کپ بووندا بمێننەوە .؟

کیرکجاردی بیریاری ئەنتۆلۆژی بڕوای بەوەیە کە ئەو ژاوەژاوەی مرۆڤایەتی دروستی کردوە هۆکاری سەرەکی ئەو خراپییەیە کە ژیان بەدەستیەوە دەناڵێنێ ، ئەم سەرزەمینە ئیدی جێی پیرۆزی تێدا نەماوە چونکە ( ژاوەژاوی خەڵك وادەکات، مرۆڤەکان نەتوانن گوێ لە ئاسمان بگرن. لێرەوە دەیگووت لە ناو ئەو دەنگەدەنگەدا هەتا گەر دەنگی خوداش ببیسترێت، لەوە دەکەوێت دەنگی خودا بێت)( عەلی ،٣٤:٢٠١٤). ڕەنگە ئەم وتەزایە بۆ ئەو ژاوە ژاوە ڕاستبێت کە میدیا خستویەتییە نێو ژیانی مرۆڤەکانەوە و هاوکات ئەو ترسەی بۆردیاردیش پشت ڕاست بکاتەوە لە بەرپابوونی ناڕەسەنی، بەڵام لە دۆخی ژنانی ئێزیدیدا ، بێدەنگی مەترسیدارترە . لەبەرئەوەی میدیای حیزبی بە ویستی خۆی یارییەکی نادروستی لەگەڵ ئەو کەیسە جۆربەجۆرانە کرد و بەشێک لەحەقیقەتی ڕوداوەکانی خستە نێو تەمتومانی گومانەوە ، بۆیە یەکێک لە پێداویستییەکانی بوونی ئەم جۆرە کارکردنە ڕەخساندنی دەرفەتە بۆ ڕاستکردنەوەی هەندێک رای نادروست و وێنای تەڵخی تاوان .

٤. کامێرا کارکردی تۆمارکردنی یادەوەری ، سینەما وەک دەرباز:

بیرکردنەوە لەوەی یادەوەری ئەو قوربانیانە ببنە نێوەندێک بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکانی نەهامەتی و بەزیندویی هێشتنەوەی ئەو برینانەی داب و نەریت و کەلتوورو تا ڕادەیەکش سیاسەت دەیانەوێت لەنێو بێدەنگی خۆیاندا بمێننەوە خۆی لەخۆیدا کارێکی مەترسیدارە .یان لانی کەم دژوارییەک لەدەوری هەیە و خودی قوربانی و هەرکەسێکی تریش کەبیەوێت دەست بۆ ئەو پرۆژەیە بەرێت دەکەوێتە نێو جۆرێک لە ونبوونەوە . ترس و دڵەڕاوکێ لەوەی نابێت باسبکرێت - بە پێوانەکانی ئاین و نەریت- لەلایەک و نەتوانستی گێڕانەوەی ڕاستیش وەک ئەوەی هەیە ، نەک وەک ئەوەی دەبێت هەبێت ، لەلایەکی تر و نەبوونی ستراتیجێکی دیار بۆ گۆڕینی دۆخی قوربانی بۆ بوێرێک کەدەیەوێت قسە لەسەر زامی خۆی بکات ، فاکتەری بەهێزن بۆ شاردنەوە.

بۆ دەربازبوون لەم دۆخە دەتوانین پەنا بۆ زاراوەیەک بەرین کە لەپەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا توانی ببێتە هەنجەتی سەرهەڵدانی شەپۆلێکی سینەمایی جیاواز لەفەرەنسا بەناوی کامێرا وەک قەڵەم ، یان ئەو چەمکەی کە



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بەسینەمای دانەر ناودەبرێت . زاراوەی سینەمای دانەر لەسەر بنەمای بیرکردنەوە و تیۆرەکانی هەردوو گەورە رەخنەگری فەرەنسی ئەلکسەندەر ئەسترەک و ئەندرێ بەزان دامەزرێنراوە . لەمانگی مارسی ساڵی ١٩٤٨ دا ئەسترەک وتارێکی بەناوی (لەدایکبوونی سینەمایەکی پێشڕەوی نوێ -کامێرا وەک قەڵەم ) لە گۆڤاری سکرینی فەرەنسیدا بڵاوکردەوە ، ئەم وتارە لەدواتردا بووە مانیفێستی شەپۆلی نوێی سینەمای فەرەنسی کە لەکۆتاییەکانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا سەری هەڵدا. ئەسترەک لەو وتارەدا لەوە دەدوێت کە سینەما زمانە وەک ئەدەب ، (دەرهێنەری سینەمایی کە فیلمەکەی دەردەهێنێ مامەڵە لەگەڵ کامێرا دەکات وەک کەرەستەی بنچینەیی ، وەک چۆن نووسەر مامەڵە لەگەڵ قەڵەم دەکات ، گوزارشت لەبیرۆکەو خواست و پرسیارەکانی دەکات وەک چۆن نوسەر یان ڕۆماننوس رۆمانێک بەقەڵەم دەنوسێت ) Astruc :605 in Scoot,2014). )

هەمان جۆر لە بیرکردنەوە ئەندرێ بەزان دەخاتە سەر ئەو رایەی فیلم دەبێت وەک دروستکەرەکەی بێت ، بەواتای ئەوەی دروستکەی فیلم بەرپرسە لەهەموو ئەوشتانەی لەنێویدا هەن ، دەبێت خۆی بەشداری بکات لەشێوازی کارکردنی پێکهاتەکاندا تا دواجار ئەو گوتارەی لەو فیلمەدا بەرهەم دێت جیهانبینی دەرهێنەرەکە بێت . رەنگە ئەم چەمکانە لە سەرهەڵدانی ستراکچرالیزم و بەتایبەتی واژەکانی مەرگی نوسەری رۆلان پارتەوە هەندێک ئارگومێنتی تری دەربارە دروست بووبێت ، بەڵام بەهیچ شێوەیەک لەهێزی ئەم تەوژمە کەم ناکاتەوە و بەتایبەت ئەم فۆرمە سینەماییە ناچێتە چوارچێوەی پۆلێن بەندییە باو و تەقلیدییەکان ، یان ئەو ستایلەی هۆلیود وەک ژانر دەیسەپێنێت بەسەر جۆری فیلمەکاندا . بۆیە سینەمای دانەر بەتایبەتمەندییەکانی خۆیەوە گەلێک جار لەراژەی ئەو شەپۆلە سینەماییانە دەبێت کە دەیانەوێت خۆیان لە باو جیابکەیەوە ، هەنگاوێک بن لەدەرەوەی ئەوەی بە سینەمای تەقلیدی ناودەبرێن . بۆ ئەم جۆرە ئەزموونانە پێویستیمان بەم ستایلانەیە کە لە هەردوو ڕوی بودجەی کەم و خودێتی و مۆرکی تایبەتەوە خزمەت بەپرۆژەکەمان دەکەن .

لەو سۆنگەیەوە ، ئەم چەمکانە بەجۆرێک لە جۆرەکان لەراژەی ئەو جۆرە بیرۆکەیەن کە دەمانەوێت وەک ئاکتێکی پراکتیکی بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی قوربانی لەلایەن خودی قوربانی خۆیەوە پێشنیاری بکەین . چونکە لە دۆخی ژنانی ئێزدیدا کەس بەهێندی خۆیان ناتوانێت ورد و سۆزدار ، بچێتە نێو وردەکارییەکانی گێرانەوەوە و ئەو مۆرکەی دەبێت بەرهەمهاتووەکانیشی پێ دەربکەون زۆر ئۆرجیناڵ و دوور لە فەیک و بەزۆر داتاشراو دێنە ئاراوە .

بەشێک لەو ڕوداوانەی لەناو مێژووی نزیکی ئێمەدان گەر خودی خۆشیان وەک خۆیان تۆمار نەکرابێتن ، ئەوا هەوڵدراوە لێکەوتەوەکانیان لەڕێی فۆتۆوە بەشێوەیەک لەشێوەکان تۆمار بکرێن . هەمیشە فۆتۆ جێگەیەکی گرنگی نێو یادەوەری و تۆمارکردنی داگیرکردوەو وا تەماشای کراوە کە مێژوو بەبێ فۆتۆکانی رەنگە مێژوویەکی تەواو نەبێت ، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەدا هێزێکی تر هەیە کە رەنگە زیندوتر و تاڕادەیەک کاریگەرتر بتوانێت دەربازی نێو مێژوو و ئایندەش ببێت (فۆتۆگرافی واقعێکی ڕابردوومان پیشان دەدات ، تەنانەت ئەو کاتەی جۆرە سروشێکی ئایدیاڵی دەبەخشێت ، وا هەست ناکرێت کە وەهمێکی ڕووت بێت ، ئەو دۆکیومێنتی واقیعێکە کە ئێمە لێی دوورین ، بەپێچەوانەی ئەوەوە ، سینەما بانگەشەی تێکەڵاوبوونی خود دەکات بەوەی دەیبینێت و واخۆی نمایش ناکات کە



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ئامادەکردنەوەی  واقعێک بێت لە ڕابردوو دا ، بەڵکو وەک ئەوەی ئەندێشەیەک بێت و خود تێدا بژی)(کریستیڤا ,٢٠١٩) . بە قایل بوون بەم رایەی کریستیڤا ئێمە لەهێزی فۆتۆ کەم ناکەینەوە بەهێندی ئەوەی مامەڵە لەگەڵ نێوەندێکی تر دەکەین کە بەهێزتر و کاریگەرترە بۆ بەرهەمهێنانی ئەوەی قوربانی دەخاتە سەر کەڵکەڵەی بیرکردنەوە لەخۆی و قایل بوون بەوەی ئەوەی نمایش دەکرێت گەر خدوی حەقیقەت نەبێت ، وێنەیەکە لەوێنەکانی .

هەرچەندە هەندێک جۆرە ئارگومێنتی تر دەربارەی فۆتۆ و هێزی مامەڵەکردنی لەگەڵ حەقیقەت لەگۆڕێیە و بەشێک وا دەبینن کە خودی فۆتۆ خۆی سەرقاڵمان دەکات بەوەوە کە دەبێت ببینین نەک ئەوەی خۆی لەحەقیقەتدا هەیە ، چونکە فۆتۆ کردەیەکی سستماتیزەکراوە بۆ ئەوەی جۆرێک لەهەقیقەت بەرهەم بێت  (لە ڕێگای فۆتۆوە سیستم (...)فاسیلەیەکی گەورە دەخاتە نێوان بینراو و نەبینراوەوە. نەبینراو فڕێدەدرێتە خانەی نەبووەوە. ئەوەی نەبێتە فۆتۆ نابێتە حەقیقەت، ئەوەی نەبینرێت و ڕاستەوخۆ دەستی لێنەدرێت، بوونیشی نییە، ئەوەی کامێرا بیگرێت حەقیقەتە و ئەوەی کامێرا نەیگرتبێت و نەیبینیبێت حسابی نەبووی بۆ دەکرێت. دەسەڵاتی ڕەها لێرەدا دەسەڵاتی چاوە، نەوەك دەسەڵاتی عەقڵ) ( عەلی ، ٢٠١٦ :٧٤).

بەڵام هیچ ناکرێت ئەوەش لەیاد بکەین کە فۆتۆ چ هێزێکی لە تۆمارکردنی رووداودا هەیە ، هێزێک هەندێک جار تاوانبارەکان دەخاتە بەردەم جۆرێک لە شۆک و دڵەراوکێ و ترس . ترس لەوەی ئەوەی ئەو دەیکات تۆمار بکرێت و سبەی وەک بەڵگەیەک لەسەر تاوان پیشان بدرێتەوە . هەڵبەتە ئەم گریمانە لە دۆخی ئاساییدا راست دەردەچێت ، بەڵام کە تاوانبار بە جۆرێک لەجۆرەکان دەچێتە ژێر هەژموون و کاریگەری ئایدۆلۆجیایەکی سڕکەرەوە ، ئەو هەستە لە ترس و شەرم لەدەست دەدات . ئەو بەپێچەوانەی ئەو گریمانە ، خۆی سەرقاڵی تۆمارکردنی وێنەی خۆیەتی لەساتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا ، وەک ئەوەی لەزۆرێک لە هەڵمەتەکانی داعشدا بینیمان ، ئەوان خۆیان سەربڕین تۆماردەکەن و وەک جۆرێک لە نواندنی هێز پیشانی دنیا و دوژمنەکانیانی دەدەن . کەواتە کە حەقیقەت لە فۆتۆدا روت دەبێتەوە بۆ ئەوەی بەچاو دەیبینین ، پێویستی بوونی نێوەندێکی تر کە بتوانێت هەستی زیاتر و زیندوتر لەگەڵ خۆی هەڵبگرێت ، لە حەتمیەتی بەکارهێنانی وێنەی جوڵاودا ئەو دەرفەتە زیاتر دێتە پێشێ و دەنگ و هەست تۆمار و بەرجەستە دەبن ، کە هەندێک جار کۆمەکی گواستنەوەی دۆخن دوور لەو جۆرە لە فەنتازیا نادروستەی تاوانکار دەتوانێت لە فۆتۆیەکی وەستاودا لەدەوری خۆی بیخولقێنێ  .رەنگە بەم پێیە سینەما کەمتر بکەوێتە بەر هەژموونی ئەو گومانەی حەقیقەتمان لێ دەشارێتەوە ، چونکە گەر لە دیوە دۆکیومێنتییەکیدا سەیری بکەین ، و هانا بۆ چەمکە تاڕادەیەک رادیکاڵەکانی ڤێرتۆڤ ببەین دەزانین کە حەقیقەت بەچ هێزێکەوە ئامادەیی هەیە و چۆن خۆی وەک بوونێکی ئەکتیڤ و پڕ مانا بەرگوزاردەکات.

لە هەموو فۆرم و ژانرەکانیدا سینەما زۆربەی کات دەرفەتی زیاتری گوزارشتی لەبەردەستتدایە بەهۆی هەژموونی بەدوایەکهاتووی وێنەوە جۆرە سیحرێک کە وەرگرەکانی بەشێوەیەک توشی سەرسامی دەکات کە ئەوقی ئەو پەیامە بن  فیلم دەیەوێت بیگەیێنێت . وەک ئەو دیدەی ئۆرسن وێلز بۆ سینەما هەیەتی و وادەبینێ کە (ئارگومێنتێک لە ئارادایە لەسەر ئەوەی  سینەما دەتوانێت هەموو ئەوە جێبەجێ بکاتەوە کە نوسین دەیکات ، بەڵام بەهۆی پابەند بوونی بە

گێڕانەوەو دامەزراندنی دیمەنەوە سنورداردەبێت .هەر ئەوەندەی سینەما خۆی بتوانێت لەو کۆتە خودییانە رزگاری ببێت ، دەتوانێت تواناکانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بایەخە فەلسەفی و ئەبستراکتەکانیشدا لەم سەردەمە نوێیەدا بەکاربهێنێت( Welles: 604:in Scott:2014 )

کەواتە بەهەموو ئەو پێوانانە سینەما دەتوانێت ئەو فریادڕەسەی یادەوەری بێت کە ڕوداوەکانی لەوێنەی گوزارشتی لەراستی نزیکدا بۆ بەرجەستە بکات . ئەو ئەزموونەی زۆرێک لەگەلانی دنیا ، ئەوانەی بەدۆخی جینۆسایددا تێپەریون پەنایان بۆ بردووە . سینەما دەنگ و رەنگ و جوڵە و هەست و سۆزەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە ، وێنەی جوڵاو کەمتر دەرفەتی شاردنەوەی هەستەکان دەدات ، چونکە دۆخی وەستاو و ڕاوکردنی چرکەیەک نییەو تێپەڕێت ، لەعنەتی جوڵە هەر بەدووی کاراکتەرەکەوەیە تا دەنگی هەناسەکانیشی بۆ وەرگر بگوێزێتەوە . لەگەڵ ئەوەی (سینەما لە وێنە فێرکارییەکان )دیداکتیک(ەکان دەچێت، ئەوەی کە پێت دەڵێت وێنەکان لەبەر ئەوە بوونیان نییە تا ئەڵتەرناتیڤ و جێگرەوەی شتە ڕاستەقینە و واقیعییەکان بن، بەڵکو وەک شتگەلێک کە شتێکی تازەمان لەبارەی واقیعی ڕاستەقینە خۆیەوە، پێ دەڵێن، دیارە لە پێوار و بزریی واقیعی ڕاستەقینە خۆیدا،وەلێ بە شێوەیەکی تازەی زانین /مەعریفەوە.) (بادیۆ ،٢٠٢٠) . بۆیە ئەم پارادایمە بایەخی خۆی لەو نێوەندە جەنجاڵ و سەرقاڵانەی گەڕان بەدوای حەقیقەتدا لەدەست نادات و هێشتا بەتەواوی دەستی لە نمایشکردنەوەی حەقیقەت لەهەر وێنەیەکدا بێت نابێتەوە .

لەم رۆژگارەدا کە تەکنەلۆجیای نوێ گەیشتۆتە ئاستێک کە دەتوانێت لە بەرهەمهێنانی فیلمیشدا کاریگەرییەکانی خۆی بەجێ بهێڵێت و هۆکارەکان بەشێوەیەک سانا بوون کە دەکەونە بەدەستی گشت و لەو سنوردارییەی پێشویان دەردەچن . بیورن سورنسن وا دەبینێت کە بیرۆکەکانی ئەسترەک و بەزان دەبنە هۆی ئەوەی بیرکردنەوە لە خاوەندارێتی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی فیلم لەم سەردەمەدا نوێیەدا بگۆرێت بەشێوەیەک کە لەم خاڵانەدا رون دەبنەوە :

١- تەکنەلۆجیای نوێ هەندێک هۆکاری گوزارشتی نوێ فەراهەم دەکات بەهۆی ئەوەوە نێوەندی فیلم گەشەدەکات ( واتە فۆرمەکانی گوزارشتی دەنگی و رەنگی) لە دۆخی سنوردار و ناوازەوە بۆ شێوەیەکی گوزارشتی باو و بەردەست بۆ بینەر .

٢- ئەمەش بواری زیاتر دەکاتەوە بۆ بەکارهێنانی دیمۆکراسیانەی فاکتەرەکە توانای نوێ بۆ هەندێک فۆرم و بەکارهێنانی نوێ و سەردەمیانە و جیاواز و ئاڤان گارد دەستەبەر دەکات .( Sorenssen:2008:49).

کەواتە بەردەست بوونی هۆکارەکە ( لانیکەم کامێرا) بەهۆی سانابوونەوەی لە سەدەمی تەکنەلۆجیای نوێدا ، وا دەکات بەشێوەیەکی ئاسانتر بۆ قوربانی فەراهەم ببێت تا بتوانێت وەک هۆکارێکی گوزارشت سوود لە تواناکانی ببینێت و فۆرمی ئامادەش بۆ لەخۆگرتنی ئەم جۆرە بەرهەمانە ، سینەمایە بە هەموو کاتاگۆرییەکانیەوە و بەرلە هەموویان دۆکیومێنتری کە دەتوانێت کانگای هەڵگرتن و گواستنەوەی راستییەکان بێت . هەرچەندە ( فۆتۆگرافی و دواتریش

سینەما دەبوو بجەنگن لە پێناو ئەوەی وەک فۆرمێکی هونەری سەربەخۆ تەماشابکرێن ، نەک تەنها وەک فۆرمێکی گونجاو بۆ نواندنەوەی سروشت یان بەتەنها وێنەگرتنی واقیع )( Jung, 2010:15) ، لە دۆخی ئەم پرۆژەیەدا هەنگاوی یەکەم پێویستی تۆمارکردنی راستیە ئیدی بەکارهێنەر توانستی گوزارشتی بەرەو کام شێواز دەیبات لەوێدا دەچینەوە سەر ئەوەی ، ئەو بەرهەمە تا چەند بۆ ئەوە گونجاوە وەک بەرهەمێکی سینەمایی تەماشا بکرێت ، رەنگە لەهەندێک دۆخدا سوود لە بیرکردنەوەی دەرهێنەرانی سینەمای سۆڤێت وەربگرین کە پێیان وابوو فیلم لە ژووری مۆنتاج دا بەتەواوی بەرهەم دێت ، لە دۆخی وێنەگرتندا هەچی هەیە با تۆمار بکرێت بە دەنگو رەنگ و وێنەو گوزارشتەوە ، دواجار فۆرمی کارەکە لە ئیدیتیندا فەراهەم دەبێت .

**دۆزینەوەی فۆرمی کارکردنی پراکتیک :**

گەر لەسەر ئەو گریمانە تیۆریانەوە هەوڵبدەین چوارچێوەیەک بۆ پرۆژەیەکی پراکتیکی دابمەزرێنین و وای دابنێین کە کامێرا وەک قەڵەم بدەنیە دەست هەر یەکێک لەو ژنانەی بەنێو ئەو کارەساتەدا تێپەڕبوون ، ئەوان ئیدی دەتوان بەشێکی باش لەو نهێنیانەی لەپشت وێنە میدیایی و بەربڵاو و چیرۆکە زانراوەکانەوە هەیە بەشێوەیەکی جیاواز بگێڕنەوە .ئەوان لەبەردەم دوو گریمانەدان :

١- گریمانی یەکەم : دەکەونە گێرانەوەی چیرۆکەکان وەک ئەوەی هەیە و شەرم و شورەیی و داب و نەریت و ئاین جارێکی دی وایان لێدەکات تەنها و تەنها بەنێو ئەو ئەزموونە زانراوەدا بڕۆنەوە و هیچ شتێکی زیادەی نەخەنە سەر ، واتە وێنەکان وەک خۆیان دەمێننەوە. بەڵام فۆرمی گێڕانەوەکە خودێتی ئەوانی تێدا بەرجەستە دەبێت .

٢- گریمانی دووەم : دەشێت نێوەندەکە بەهی خۆیان بزانن و بتوانن مامەڵەیەکی وەک قەڵەمی لەگەڵ بکەن و یادەوەری خۆیانی پێبگێڕنەوە یان بۆ بگێڕنەوە . ئەو دەمەی کەسەکان هەست دەکەن کەسێکی تر لەپشتی کامێراکەوە وەستاوەو قسەکان تۆماردەکات ، خەمی درکاندنی نهێنی گەورەترە ، بەڵام گەر هیچ کەس لەپشتی ئامێرەکەوە نەبێت ، جۆرێک لەدڵنیایی و ڕەوینەوەی نیگەرانی دەست پێدەکات ، و رەنگە هەمان ئەو دۆخەبێتە بەرزەینی کە ئەو لەگەڵ خۆی دەدوێت و لەبەردەم ئاوێنەیەکدا وەستاوە . دۆخی قسەکردنی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا دۆخێکە هیچ جۆرە نهێنییەکی تێدا نامێنێت و تائەوشوێنەی دەگونجێت دەرگای بەرەوڕووی نهێنیدا تێدا دەکرێتەوە ، بۆیە لەم دۆخەدا ئەگەر دەستکەوتنی حەقیقەتی ڕوداو بەبێ بڕینی وردەکارییەکان زیاترە .

ئەوەی لەم ئەزموونە چاوەڕوان دەکرێت ئەوەیە کاریگەرییەکی دوولایەنە دروست بکات :

یەکەم : جۆرێک لە ئاسودەیی دەروونی بۆ قوربانی دێتە گۆڕێ کە لەبەشێک لەو نهێنیانەی ناخ و دڵیان دەخوارد و نەیدەتوانێ دەربازێک بۆ درکاندنیان بە ئاسودەیی بدۆزێتەوە رزگاری دەبێت . قورسایی مانەوەی کاریگەرییە پاشەکییەکانی کارەسات و تاوان لەسەر دەروونی قوربانی هەندێک جار لە خودی تاوان بەزەبرترە.

دووەم : لە دۆخی تۆمارکردنی ڕوداوەکان وەک ئەوەی لە بنەچەدا رویانداوەو قوربانی وەک بەرێکی هاوکێشەی تاوانەکە خۆی دێتە گۆ و وردەکاری چیرۆکی تاوانەکە باس دەکات ئەگەری ئەوە زیاتر کە راستییەکان وەک خۆیان تۆمار بن و لەگەڵ ئەوەی روداوی نێو مێژوون ، بەڵام دەبنە چیرۆکی ئایندە .

ڕێگرییەکانی بەردەم پرۆژەی پراکتیک :

بەبێ گومان ئەم پرۆژەیە هەروا سانا جێبەجێ نابێت و چەندێک گرنگە ئەوەندەش ڕێگری هەیە ، سەرەتا ڕەنگە سانا بێتە پێشچاو ، بەڵام لەخودی خۆیدا هەندێک کرداری پێویستی بەشارەزایی تەکنیکی و هونەری و تەنانەت فێربوونی ستراتیجی گێڕانەوە هەیە، بۆیە دەشێت ڕێگرییەکان بەم شێوەیە پۆلێن بکەین :

یەکەم : ڕەنگە یەکێک لە ڕێگرییەکانی بەردەم ئەم کارە شارەزایی تەکنیکی بێت و قوربانی خودی خۆی هیچ جۆرە ئاشنایەتییەکی لەگەڵ کامێرا و وردەکارییەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو نێوەندە هەستەوەردا نەبێت ، بۆیە دەشێت لە ۆرکشۆپێکی یەک ڕۆژیدا ئارەزوومەندانی ئەم پرۆژەیە فێری سەرەتاییترین بەکارهێنانەکانی کامێرا بکرێن و ئەو کامێرایەنەشی بۆ ئەم پرۆژەیە هەڵدەبژێررێن ، مەرجە لەڕوی تەکنیکییەوە سانا بن و ئاڵۆزی زۆریان تێدا نەبێت .

دووەم : بونیادی گێرانەوە یان چۆنێتی گێڕانەوە بە وێنە یان تەنانەت گێڕانەوەی زاری کە بتوانێت کاریگەری لەسەر بینەر یان وەرگر بەجێ بهێڵێت پێویستی بەشارەزایی هەیە . ڕەنگە بەهەمان شێوە فێرکردنی سەرەتایەکی چۆنێتی گێڕانەوەی چیرۆک ( storytelling) ڕەنگە ئەوەندە گران نەبێت و دەشێت لەهەمان ۆرکشۆپی کامێرادا سەرەتاکانی چیرۆک و چۆنێتی گێڕانەوەی سادە بە قوربانی بناسێنرێت . یان بەشێوەیەکی تر هانبدرێت زۆرترین قسە بکات و دواتر لە قۆناغی ئیدیتین دا ئەوەی کاریگەرە هەڵببژێرێت .

سێیەم : ڕێگرییە کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئایدۆلۆجیەکان کە دەشێت بەشی خۆیان ببنە ڕێگر لەبەردەم نەدرکاندنی ئەوەی دەبێت بوترێت ، لەبەشی تیۆری توێژینەوەکەدا کارمان لەسەر ئەوە کردوە کە جۆرە هۆشیارییەک بهێنینە کایەوە بتوانێت هێڵە سەرەکییەکانی دەربازبوون لەوە دۆخە دابڕێژێت . هەنگاوی گرنگی دوای ئەوە گەیاندنی ئەو پەیامەیە بە قوربانی تا بگاتە ئەو بڕوایەی ئەوەی دەگوزەرێت بۆ دەربازکردنی ئەوە لەو تەوقەی تاوان بەدەوریدا کێشاویەتی . ئەمە دەرفەتی گەڕاندنەوەی ماف و ناساندنی ئەو تاوانەیە وەک جینۆساید لە دنیادا کە ئەگەری دووبارەبوونەوەی گەلێک کەمتر دەکاتەوە.

**پێشنیار و ڕاسپاردە :**

دوای گەڕان و پشکنینی زۆر بەنێو وردەکارییەکانی تاوانەکەدا و ئەو لێکەوتەوە دەروونی ورۆحیانەی دەشێت لەسەر دەروونی قوربانی جێ بمێنن و تەواوی ئەو شیکارییانەی لەمیانەی ئەم توێژینەوەیەدا دەستەبەر بوون پێشنیارەکانی بەم شێوەیە دەخەینە ڕوو:

١- کایەی جینۆساید بەگشتی کایەیەکە هێشتا بەوردی و زانستی مامەڵەیەکی شایستەی لەگەڵدا نەکراوە ، بۆیە پێویستییەکی حەتمییە کە توێژەران هان بدرێن لەم کایە فرەهەستەوەرەدا کاری ئەکادیمی باشتر و زیاتر بکەن .

٢- تۆمارکردنی یادەوەری قوربانییەکان بەهەرشێوەیەک بێت ، ئیدی پێشنیارە پراکتیکییەکانی ئەم توێژینەوەی بێت، یان بەهەرشێوەیەکی تر ، بەمەرجێک ئایدۆلۆژیای حیزبی و ئاینی وا نەکات ڕاستییەکانی تێدا بشێوێت.

٣- پەخساندنی دەرفەتی زیاتر لەبەردەم قوربانییەکاندا تا خۆیان بتوانن لەڕێی هەر فۆرمێکی هونەری یان ئەدەبییەوە بێت (گەر بەناوی خواستراویشەوە بێت ) وردەکارییەکانی رووداوەکان تۆمار بکەن تا لەفەوتان رزگاری ببێت.

٤- وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم بایەخی زیاتر بدەن بە کەیسی قوربانییەکان و بەدواداچونی زیاتر بۆ گەڕاندنەوەی ئەو خانمە ڕفێنراوانەی تا ئێستا چارەنوسیان نادیارە بکەن.

٥- رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و خێرخوازان کاری زیاتر بکەن لەسەر تۆخکردنەوە و بڵاوکردنەوەی گیانی لێ بووردەیی تا کۆمەڵی ئێزدی لەگەڵ فەتواکانی میردا زیاتر و زیاتر باوەش بۆ قوربانییەکان بکەنەوە.

٦- ڕێگەگرتن لەهەر شێواندنێکی چیرۆکی قوربانی لەهەر کەناڵ و سایت و رێگەیەکی میدیایی و نامیدیایەوە و بەیاسا رێکخستنی ئەم کارە بەشێوەیەک مافی قوربانی تێیدا پارێزراوە بێت .

٧- کۆکردنەوەی بەڵگەی زیاتری وێنەیی و دەنگی و کارکردنی زیاتر بۆ دۆزینەوەی فۆرمی سینەمایی جیاواز بۆ بەرجەستەکردنی دۆخی قوربانی کە دەبێتە فاکتەرێکی گەورە بۆ گواستنەوەی یادەوەری قوربانی بۆ قۆناغی یادەوەرییەکی گشتی و دواتریش بەکارهێنانی وەک فاکتەرێکی بەهێز لە ناساندنی ئەم تاوانەدا وەک جینۆساید .

## توضيف مفهوم الكاميرا كالقلم : محاولة لتعريف طابع الحقيقة في توثيق احداث الابادة الجماعية للنساء اليزيديات في احداث 2014

**الملخص:**

تحدث الناقد والمخرج الفرنسي ألكسندر أسترك في مقاله الشهير والمنشور في ستينيات القرن المنصرم، عن ظهور موجة سينمائية جديدة، وناقش مفهوم استخدام الكاميرا كالقلم وأصبح بعد ذلك بيان الموجة الفرنسية وعبر بعد ذلك نحو العالمية. اشار أسترك الى إن السينما لغة مثلها مثل الأدب، وإن المخرج السينمائي عندما يخرج عمله، فإنه يتعامل مع الكاميرا، وهي أداته الأساسية، كما يتعامل الكاتب مع القلم. (دارت نقاشات عديدة بعد ذلك حول الاخذ بمفهوم السينما كلغة). من هذا المنطلق يتعامل المخرج مع الكاميرا كأداة لصناعة الفلم كما يتعامل الكاتب مع القلم. بمعنى اخر يستطيع الكاميرا التعبير عن ما هو مبهم و مسكوت عليه في دواخل النفس البشرية كما يفعل القلم في حالة الكتابة.

من هنا تخرج السينما من ان تكون وسيلة للترفيه والتسلية فقط وانما تتحول الى وسيط للتجسيد وطريقة للتعبير عن ما لا تستطيع اللغة و الادوات الاخرى فعلها. لذا اذا استعرنا ذلك المفهوم لاستخدامه مع قضية النساء الايزيديات ، النساء المصمتات تحت جبر التراث و التقاليد ، يمكننا ان نصل الى استنتاجات مغايرة عن حالة الابهام و الصمت الغامض التي تحوم حول قصص بعض الضحايا و الاحداث الدامية التي وقعت اواخر عام ٢٠١٤ .

هكذا، إذا استطعنا توفير ارضية متينة وموثوقة للضحية ونجعلها تثق بالكاميرا كوسيط للتعبير او لتوثيق ما لا تستطيع البوح به امام الملاء. من الممكن ان نصل بالضحية الى نوع من الوئام او المصالحة مع النفس من ناحية وان نوثق ذاكرة الضحايا من ناحية اخرى وذلك عبر وسيلة مغايرة للغة المكتوبة، وهكذا نستطيع كسر ذلك الحاجز الوهمي المكون من الخوف الذي فرضته الجبر الاجتماعي والعادات القديمة حول القضية.

يحاول هذا البحث ايجاد شفرات العلاقة بين مفهوم كاميرا كالقلم لاسترك وبزان وحالات النساء الايزيديات لخلق جو من الثقة مع الكاميرا كوسيلة لتوثيق الذاكرة الجريحة والضبابية. انها خطوة لاستدعاء مصطلحات مغايرة ومفاهيم من

حقول معرفية اخرى الى مشروع ايجاد إطار سينمائي للمآسي التي شاهدها الكرد في السنوات الاخيرة. وفي الإطار التحليلي نأخذ حالة الايزيديات كنموذج قصدي حتى نمكن الضحايا من الاخذ بأداة فنية ذاتية لتوثيق تجاربهن المريرة والتي من الممكن ان تكون مبهمة لا يستطعن او يجرؤن البوح بها حتى في خلواتهن مع أنفسهن.

**الكلمات المفتاحية: لغة السينما، الإبادة الجماعية، الصامت والمصمت، ذاكرة الضحايا**

**The function of the concept of Camera - pen (caméra-stylo): an attempt to define the nature of truth in documenting the genocide campaign against the Yazidi women in the events of 2014:**

Assistant Professor: Dilshad Mustafa Rahim Razawa
College of Fine Arts, University of Sulaimani

**Abstract :**

In his famous article published in the sixties of the last century, French critic and director Alexandre Astruc argued for the emergence of a new cinematic wave and discussed the concept of using the camera as a pen, which then became a manifesto of the French wave and crossed over to the world. Astruc pointed out that cinema is a language like literature and that when a film director directs his film, he deals with the camera, which is his main tool, just as a writer deal with a pen. (There were many discussions after that about adopting the concept of cinema as a language.) From this point of view, the director deals with the camera as a tool for making the film, just as the writer does with the pen. In other words, the camera can express what is vague and silent within the human soul, as the pen does in the case of writing.

Thus, cinema comes out of being a means of entertainment and enjoyment only and becomes a medium for embodiment and a way to express what language and other tools cannot do. Therefore, if we borrow that concept and use it with the issue of Yazidi women, women who are silent under the hegemony of heritage and traditions, we can reach different conclusions about the state of vagueness and mysterious silence hovering around the stories of the victims and the bloody events that took place in late 2014. Consequently, if we can provide a solid and reliable ground for the victim and make her trust the camera as a medium for expressing or documenting what she cannot reveal in public, it is possible for the victim to reach a kind of satisfaction or reconciliation with herself on the one hand and to document the memory of the victims, on the other hand through a means different from the written language, and thus we can break that imaginary barrier composed of fear imposed by social coercion and old habits around the issue.

This research attempts to find the codes of the relationship between the concept of a camera-pen that has been developed by Astruc and Bazan and the cases of Yazidi women to create an atmosphere of trust with the camera as a means of documenting the wounded and foggy memory. It is a step toward applying different terms and concepts from other fields of knowledge to the project of creating a cinematic framework for the tragedies that the Kurds have witnessed in recent years. In the analytical framework, we take the case of Yazidi as an intentional model to enable the victims to take a self-technical tool to document their bitter experiences, which may be vague, and they cannot or dare to reveal them even in their solitude with themselves.

**Keywords: cinematic language, genocide, silent, the memory of the victims**

**سەرچاوەکان بەزمانی کوردی :**

- عەلی ، بەختیار (٢٠١٨) جوانییەکانی نارێکی . نێوەندی رەهەند بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە . سلێمانی .
- عەلی . بەختیار (٢٠١٤) ئاوڕەکەی ئۆرفیس . ناوەندی ئەندێشە .سلێمانی
- عەلی ، بەختیار (٢٠١٦) لە نێوان فۆتۆ و شیعردا ... تێڕامانێك ، گۆڤاری شیعر ژمارە ٢ .سلێمانی .

**ماڵپەڕ بە زمانی کوردی :**

- بادیۆ ، ئالان . سینەما و ئەشکەوتەکەی پلاتۆ :سینەما وەک ئاسۆیەک بۆ فەلسەفە. وەرگێڕانی بڕوا عەلادیین . پێگەی ژنەفتن ٣ی تشرینی یەکەم، 2020.

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی :**

- دوكر ، جون (٢٠١٨) اصول العنف : الدين ،التاريخ ، الابادة . ترجمة علي مزهر. من منشورات جامعة الكوفة.
- كاريل ، اليكسيس (١٩٨٠) الانسان ذلک المجهول . تعريب شفيق اسعد فريد ,مؤسسة المعارف، بيروت
- محمود ، د. زكى نجيب (1993 ) في مفترق الطرق ، دار الشروق القاهرة ، بيروت .
- محمود ، ابراهيم (٢٠٠٢ )جماليات الصمت : في اصل المخفي و المكبوت . مركز الانماء الحضاري. دمشق.
- معلوف، امين (1999. )الهويات القاتلة ، ت. د. نبيل محسن . دار مورد، دمشق.
- هراري ، يوفال نوح (٢٠١٨ ) العاقل تأريخ مختصر للنوع البشري . ترجمة حسين العبري و صالح بن على الفلاحي . دار منجول للنشر.الهند.

**ماڵپەڕ بە زمانی عەرەبی :**

- ابلال ، عياد (٢٠١٩) العسل والسُم الجسد كآليَّة للانتقام في المجتمعات العربيَّة . مؤمنون بلا حدود.
- شعبان، د. عبدالحسين (٢٠١٨) أسئلــة الهويَّـــــات" في المجتمعات المتعدّدة الثقافات بين الوحدة والانقسام. مؤمنون بلا حدود.
- صيام ، شحاتة (٢٠٢٠) الاستتابة و الانقلاب على ايدولوجيا العنف، مؤمنون بلا حدود .
- كرستيڤيا، جوليا (٢٠١٩) اللغة المرئية . ت بنيورس عميروش، موقع بالعربية نشر يوم : ١٩,٨,٢٠١٩

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

- Jung , Berenike (2010) *Narrating Violence in Post-9/11 Action Cinema*. VS Research publication .Germany .
- Mackenziee, Scott ( 2014) *Film manifestos and global cinema cultures : a critical anthology.* University of California Press.
- Sørenssen ،Bjørn (2008) *Digital video and Alexandre Astruc's caméra-stylo: the new avant-garde in documentary realised?* Article in Studies in Documentary Film Volume 2 Number 1 .2008 Intellect Ltd.